پەخشانگای زانکۆی کوردستان

تویژینگـەی کوردسـتان‌ناسی
پژوهشکده کردستان‌شناسی
KURDISTAN STUDIES INSTITUTE

**دیوانی حەریق (ساخکردنەوە و پێداچوونەوەی نوێ) لە لایەن توێژینگەی کوردستان‌ناسی زانکۆی کوردستان بڵاو کرایەوە.**

**ناسنامەی کتێب: دیوانی حەریق (ساخکردنەوە و پێداچوونەوەی نوێ)، ساخکەرەوە: جەعفەر قارەمانی، محەممەد ئیسماعیل‌نەژاد، ٢٠٦ لاپەڕە، چاپەمەنی: پەخشانگای زانکۆی کوردستان ١٤٠٠ ک. هـ.**

حەریق یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی قوتابخانەی کوردیی ناوەندییە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ژیاوە. دیوانی حەریق تا هەنووکە چەندجار چاپ و بڵاو کراوەتەوە؛ بەڵام سەرەڕای هەوڵی ساخکەرەوان ئەو دیوانە تووشی ناتەواوییەکی زۆر وەک: هەڵەی ڕێنووسی، گۆڕانکاریی و دەستتێوەردانی هەڵە، داکەوتنی پیت و وشە، هەڵەی پیتچینی، نەپاراستنی مەودا و نیومەودای نێوان وشەکان و هتد، بووە، تاڕادەیەک کە خوێندنەوەی شیعرەکانی حەریق ئاستەم بووە و گەر خوێنەر وردبین نەبێت، ڕەنگە تووشی هەڵەی خوێندنەوەیی و تێگەیشتنی ناتەواو ببێت، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دیوانی حەریق لە لایەن نەوزاد کەڵهوڕ لە ساڵی ٢٠١١، نەتەنیا هەڵەکانی پێشووی ئەو دیوانەی کەم نەکردۆتەوە؛ بەڵکوو ڕەچاو چاپەکانی پێشوو هەڵەی زیاتری تێکەوتووە. ئەم ساخکردنەوەیە بەپێی کۆنترین نوسخە خەتتییەکان شیعری حەریق ساخکراوەتەوە. لەم دیوانەدا بە پشت‌بەستن بە نوسخە خەتتییەکان و سوودوەرگرتن لە پێوەری زمانی و ڕەوانبێژی لێکدانەوەی دێڕە ساخکراوەکان بە شێوەی ڕووکەشی کراوە، هەرچەند زانستیی ساخکردنەوە جیاواز لە لێکدانەوەیە و لە ساخکردنەوەدا هەر جۆرە لێکدانەوەیەک هەڵەیە، بەڵام لەم دیوانەدا بۆ سەلماندنی دروستی وشە و لێکدراوە ساخکراوەکان بە شێوازێکی ڕووکەشی واتای دێڕەکان شی‌کراوەتەوە. مەبەست لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە، تەنیا ساخکردنەوەی شیعری حەریق نییە؛ بەڵکوو لە ڕوانینێکی بەربڵاوتردا سەلماندنی ئەو بابەتەیە کە ساخکەرەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک جیا لە پشت‌بەستن بە نوسخە خەتتییەکان- وەک بناغەی ساخکردنەوە- دەبێت شارەزای زانستەکانی شێوازناسی، کێشناسی و ڕەوانبێژیی ئەدەبیش بێت. ساخکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک بێ‌ڕەچاوکردنی مێتۆدۆلۆژی زانستی، ناسینی پێوەرەکانی ساخکردنەوە و ڕوانینی ڕەخنەیی بە دەق کارێکی ناتەواوە. ساخکردنەوەی ئەو دیوانە بەپێی پێوەرەکانی زانستیی ساخکردنەوەیی دەتوانێت یارمەتیدەری ساخکەرەوانی تر بێت و ڕێگە لە دووپاتی هەڵەی هاوشێوە لە ساخکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی بگرێت.

**پێناسەی دیوانی حەریق (ساخکردنەوە و پێداچوونەوەی نوێ)**

لەناو هەموو نەتەوەکاندا، ئەدەبی کلاسیک وەک بناغەیەکی بەهێز ناسراوە و دەکرێت زۆرێک لە بەسەرهات، ڕووداو، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کولتووری، خەڵکناسی و تەنانەت بەشێک لە ڕاستییەکانی مێژوویی لە ناو ئەدەبی کلاسیک و بەتایبەت شیعری کلاسیک هەڵێنجێن. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا حەریق یەکێک لە لووتکەکانی شیعری کلاسیک و لە ڕێبوارانی شێوازی شیعری سێ کوچکەی بابان ناسراوە. ئەگەر شیعری حەریق بکەینە پێوانەیەک بۆ سەلماندنی ئەو ئیددیعایە، شیکردنەوەی شیعرەکانی لە ئاستی زمانی، ئەدەبی و هزریدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. حەریق ئەو شاعیرە غەزەلبێژەیە بەشێک لە شیعرەکانی وێنە و وەسفی ڕاستەوخۆی دڵبەرە و بەشێکیش دەربڕی هزری سۆفیگەری، یان تێکەڵاوییەک لە هەستی دڵداری و ئەوینی سۆفییانەیە. بە خوێندنەوەی شیعرەکانی دەردەکەوێت موریدی شێخ شەمسەددینی بورهانی -لە شێخە ناسراوەکانی تەریقەتی نەقشبەندی- بووە. بێ‌گومان خۆشەویستیی شێخ شەمسەددین کارتێکەریی لەسەر هەستی حەریق بووە و دەکرێت ئەو خۆشەویستییە وەک چەکەرەکردنی بیری سۆفییانە لە شیعری حەریقدا پێناسە بکرێت.

بە تێپەڕینی چاخ و سەردەمە جیاوازەکان و کێشەوبەرەی زەمان، زۆرجار نوسخەی سەرەکیی نووسراوەی پێشینیان بزربوون، یان لەناوچوون و زیاتر ئەوەی لە بەرهەمێک بەدەست ئێمە گەیشتووە یەک، یان چەند نوسخە لەو نوسخانەیە کە بنووسانی جۆراوجۆر لە سەردەمە جیاوازەکاندا نووسیویاننەتەوە؛ بەڵام ئەو نوسخانە بەتەواوی وەک یەک نین و لە زۆر بابەتدا لەگەڵ نوسخەی سەرەکی جیاوازییان هەیە. هۆی ئەو جیاوازییە و بوونی هەڵە، بەتایبەت لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا بەگشتی بۆ چ بابەتگەلێک دەگەڕێتەوە؟

بەهۆی درەنگ سەرهەڵدانی پیشەی چاپ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، پاشان لە ناوچە کوردنشینەکان تا دووسەد ساڵ لەمەوبەر زۆربەی پەڕتووکەکان بە شێوەی دەستنووس بوون تەنانەت هەن نوسخەگەلێکی خەتتی، هێشتا چاپ نەکراون و لە سووچی پەڕتووکخانەکاندا ترسی لەناوچوونیان هەیە. لە پرۆسەی نووسینەوەی نوسخە کۆنەکاندا بنووسان زۆرجار لە یەک پلەی زانستیدا نەبوون، یان ئاستی وشیاری و وردبینییان نزم بووە. جاری وایە تووشی هەڵەخوێندنەوە، یان تووشی دەستتێوەردان لە دەقدا بوون. هەروەها خاوەننوسخەکانیش بەپێی ئاستی خوێندەوارییان گۆڕانکارییان لە دەقدا پێکهێناوە کە زۆرجار ئەو گۆڕانکارییانە بەتەواوی هەر هەڵە بوون. لە لایەکی تر، بارودۆخی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی و جیاوازیی زەوق و سرشت و هتد، لەم بابەتانەن هۆی گۆڕانکاری لە نوسخە و دەقە کۆنەکاندا لە کاتی نووسین، یان لە سەردەمەکانی دواتردا بوون. زۆرکات دەسەڵاتداران و بنووسانی پەیوەندیداریش ویستوویانە ئەو گۆڕانکارییانە ڕاست بنوێنن و لایەنی ئەرێنییان بسەلمێنن.

**ئەو دیوانە (حەریق) لە چوار بەش پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم: پێشباس**

لەم بەشەدا بەپێی زانستیی شێوازناسی، شێوازی شیعری حەریق لە سێ ئاستی زمانی، ئەدەبی و هزریدا بە شێوەیەکی پوخت شیکراوەتەوە و بابەتە دیارەکانی ئەو سێ ئاستە پشکنینی بۆ کراوە. دیاریکردنی شێوازی شیعری حەریق تەنیا بۆ سەلماندنی ئەو بابەتەیە کە شیعری حەریق سەر بە قوتابخانەی کوردیی ناوەندییە.

**بەشی دووهەم: پێشەکی**

ئەو بەشە لە چەند تەوەر پێکهاتووە؛ تەوەری یەکەم: لەم تەوەرەدا زانستیی ساخکردنەوە و شێوازەکانی ساخکردنەوەی دەق تاوتوێ کراوە، پاشان نوسخە خەتتییەکانی دیوانی حەریق بۆ ساخکردنەوەی ئەو دیوانە پێناسە کراون. لە تەوەری دووهەمدا بە شێوەیەکی ورد هەڵە و ناتەواوی چاپەکانی پێشووی دیوانی حەریق و جیاوازییەکانیان لەگەڵ ئەو دیوانە لە پەراوێزدا خراوەتە ڕوو. لە تەوەری سێهەمدا ئاماژە بە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی هەڵە و ناتەواوی لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک و بەتایبەت دیوانی حەریق کراوە. لە تەوەری چوارەمدا ژیاننامەی حەریق و چەند گێڕانەوەیەکی پەیوەندیدار بە حەریق و ڕوانگەی توێژەرانی پێشوو، لەسەر ڕێکەوتی لە دایکبوون و کۆچی دوایی و ڕووداو دیارەکانی ژیانی حەریق باسکراوە.

**بەشی سێهەم:** لەم بەشەدا شیعرە کوردییەکانی حەریق بەپێی دوایین پیتی سەرواى دێڕەکان پۆلێن کراون، پاشان هەرکام لە شیعرەکان بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەردەست ساخکراونەتەوە. لەم بەشەدا جیاوازیی چاپەکانی پێشوو لەگەڵ ئەو دیوانە دیاری و نووسراوە.

**بەشی چوارەم:** لەم بەشەدا شیعرە فارسییەکانی حەریق بەپێی نوسخە خەتتییەکانی بەردەست ساخکراوەتەوە و جیاوازیی شیعرە فارسییەکانی حەریق لەگەڵ چاپەکانی پێشووی دیوانی حەریق خراوەتە ڕوو.

**پێشینەی لێکۆڵینەوە و پێناسەی نوسخە و چاپەکانی پێشووی دیوانی حەریق**

**نوسخەی «ئەلف»:** بۆ ساخکردنەوەی ئەو دیوانە نوسخەی «ئەلف» وەک نوسخەی بنەما ناسراوە. نوسخەی بنەما، نوسخەیەکە لەنێوان چەند نوسخەی پەڕتووکێک لە هەموویان کۆنتر و دروستترە و بە ڕێکەوتی کۆچیی دوایی نووسەر، یان شاعیر نزیکترە و وەک بناغەی ساخکردنەوەی دەق دیاری دەکرێت. نوسخەی سەرەکی، واتە نوسخەی بنەما بۆ ئەنجامی ئەو ساخکردنەوەیە کەشکۆڵێکە بە خەتتی میرزا مەحموود شابەندەر -خۆشنووسی بەناوبانگی مەهابادی- کە لەنێوان ساڵەکانی ١٣١٢ تا ١٣١٤ ک. م. بۆ سەید ڕەشید -قوتابی ناسراوی حەریق- ی نووسیوە. گرینگیی ئەو نوسخەیە لەوەدایە ١٣ تا ١٤ ساڵ بەر لە کۆچی دوایی حەریق نووسراوەتەوە و بەدڵنیاییەوە حەریق ئەو نوسخەیەی دیتووە.

**ئەو کەشکۆڵە لە سێ بەش پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەمی ئەو کەشکۆڵە بریتییە لە:** شیعری شاعیرانی بەناوبانگی ئەدەبی فارسی وەک: باوەتاهیر، ئیبنویەمین، موحتەشەم کاشانی، هاتف ئیسفەهانی و دوو شاعیری ناوچەی موکریان بە ناوەکانی مستەفابەگ حەیدەری و میرزا سەلیم موکری. بەشی یەکەمی ئەو کەشکۆڵە بەو ڕستانە تەواو دەبێت: «حسب الامر جناب مستطاب قبله مکرم سید رشید -سلمەالله تعالی- از ید حقیر پر تقصیر محمود نعمت

زاده قلمی شد. امیدوارم که ناظران در مقابل نقض و بدی که می‌بینند به دعای خیر یاد فرمایند. در یوم یکشنبه بیست‌وهشتم شهر شعبان‌المعظم ١٣١٢ به اتمام رسید».

**بەشی دووهەمی ئەو کەشکۆڵە بریتییە لە:** شیعری شاعیران و ئەدیبانی موکریانی کە شانازیی ناسیاوییان لەگەڵ شێخی بورهان هەبووە. ئەو بەشە بە شیعرەکانی حاجی سەید محەممەد سەعید نوورانی دەست پێ‌دەکات و لە کۆتایی ئەو بەشەدا شیعرەکانی حەریقیش نووسراوە؛ بەڵام بەداخەوە ئاماژە بە ڕێکەوتی نووسین، یان تەواوبوونی شیعرەکان نەکراوە.

**بەشی سێهەمی ئەو کەشکۆڵە لە دوو بەش پێک‌هاتووە؛ بەشی یەکەم:** بریتییە لە دوو نامیلکەی پەخشان و هۆنراوەی مەولانا عەبدوڕڕەحمان جامی لەسەر یاساکانی مەتەڵ. لە کۆتایی نامیلکەی یەکەمدا ئەو ڕستەیە نووسراوە: «کتبه الحقیر محمود بن نعمت الله ساوجبلاغی و صاحبه سید رشید ١٣١٤ هـ . ق». هەروەها لە کۆتایی نامیلکەی دووهەمدا ئەو ڕستەیە هاتووە: «تمت الرساله من علم المعما من کلام مولانا عبدالرحمان جامی علی ید احقر عباد الله محمود نعمت‌زاده فی یوم یکشنبه ١٩ محرم‌الحرام ١٣١٤».

**بەشی دووهەم:** نامیلکەیەکی تەواوە لەسەر زانستی مەتەڵ، لە نووسینی حوسێن ئیبنی محەممەد حوسێنی ناسراوە بە مەتەڵی میرحوسێن بە خەتتی خۆشنووسێکی دیکە بەناوی عەبدوڵڵا کوڕی حاجی میرزا ئیبراهیم کە بۆ سەید ڕەشید نووسراوەتەوە و لە ڕۆژی شەممە، هەژدەی مانگی زیقەعدەی ساڵی ١٣١٣ ک. م. تەواو بووە. لەم نوسخەیەدا شیعرەکان بە خەتتی نەستەعلیق نووسراون و نووسەر خاوەن هەستێکی هونەریی هەڵکەوتوو بووە، ئەو تایبەتمەندییە کاریگەریی لەسەر ڕازاندنەوەی غەزەلەکان بە ڕێنووسێکی تایبەت بووە، بەجۆرێک خوێنەر بتوانێت بە ڕەوانی شیعرەکان بخوێنێتەوە و فامیان بکات. ئەو نوسخەیە هەڵەی ڕێنووسی زۆر کەمە و وا دەردەکەوێت نووسەر شارەزای وێژەی فارسی و عەرەبی بووە و لە ڕێنووسی وشەکاندا تووشی هەڵە نەبووە.

**نوسخەی «ب»:** جێی ئاماژەیە جگە لە «نوسخەی بنەما» کە لە لەنێوان نوسخەکانی جێ‌باوەڕی بەرهەمێکدا وەک بڕواپێ‌کراوترین نوسخە دەناسرێت، ڕەنگە نوسخەگەلێکی تریش هەبن کە بایەخی زانستییان ڕەچاو نوسخەی بنەما لە پلەی دووهەم و سێهەمدا بێت، ئەو نوسخانە بە نوسخەی «بەدەڵ» ناسراون. ساخکەرەوە دەقی نوسخەی بنەما لەگەڵ نوسخەی بەدەڵ بەراورد دەکات و لە پەراوێزدا ئاماژە بە جیاوازییەکانی نێوان نوسخەکان دەکات، بۆیە لەم ساخکردنەوەیەدا جگە لە نوسخەی «ئەلف» کە وەک نوسخەی بنەما ناسراوە، نوسخەی «ب» ش وەک نوسخەی بەدەڵ بۆتە پاڵپشت بۆ ئەو ساخکردنەوەیە. ئەو نوسخەیەش لە دوو بەش پێک‌هاتووە:

**بەشی یەکەم:** بریتییە لە سەرجەم شیعری شاعیرانی بەشی دووهەمی نوسخەی «ئەلف» کە لە ساڵی ١٣١٣ ک. م. بە خەتتی سوڵتان ناوێک و بە پێشنیاری سەید ڕەشید نووسراوەتەوە. ئەو نوسخەیە لە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو سەید محەممەد حەمید پارسانیان لە سنە دیتراوەتەوە و لە لایەن بەڕێز نادر کەریمیان کۆپییەکی بۆ مامۆستا سێپەهرددین بەڕێ‌کراوە و مامۆستاش بەدڵاوایەوە کۆپییەکی ئەو نوسخەیەی بۆ ناردین. لە بەشی دوایی ئەو نوسخەیەدا نووسەر ئەو ڕستەیەی نووسیوە: «حسب الامر جناب مستطاب فضایل مآب سید رشید تحریر و قلمی گردید. کاتب حقیر المذنب سلطان پر عصیان است». چەند لاپەڕەیەکیش پێشتر و لە کۆتایی غەزەلێکدا هاتووە کە بەجۆرێک ئاوێتەی جەفەنگە: «حرره سلطان گدا پر نفس هوا و باخطا حسب‌الخواهش جناب سید رشید، من بی‌سروپا از سروپا چیزی ندید، فی یازدهم شهر جمادی‌الثانی سنه ١٣١٣».

**بەشی دووهەم:** ئەو بەشە بە جیا و بە خەتتێکی دیکە نووسراوەتەوە. لەم بەشەدا هەندێک شیعری کوردی و فارسی حەریقی تێدایە کە پێشتر بە خەتتی میرزا مەحموود لە نوسخەی «ئەلف» و نوسخەی «ب» دا نەنووسراونەتەوە. لەم نوسخەیەدا شیعرەکان بە خەتتێکی ئاسایی و بە وردی نووسراونەتەوە؛ بەڵام لەم نوسخەیەشدا ئاماژە بە نێوی نووسەر و ساڵی نووسینەوە نەکراوە. دوای خوێندنەوە و پێکگرتنی نوسخەی «ئەلف» و «ب» مامۆستا سپێهرەددین هەندێک پرسیاری بۆ دێتەپێش و لە کتێبی مەنزوومەی شەمسیدا دەریاندەبڕێت، پرسیارەکان بریتین لە: بۆچی سەید ڕەشید داوا لە دوو خەتخۆش دەکات ئەو دوو کەشکۆڵەی بۆ بنووسنەوە، لە حاڵێکدا زۆربەی شیعرەکانی کەشکۆڵی دووهەم لە بەشی دووهەمی کەشکۆڵی یەکەمدا، واتە نوسخەی «ئەلف» دا هەیە؟ یان ئاخۆ نوسخەی «ب» لەبەر نوسخەی «ئەلف» هەڵگیراوەتەوە، یان هەردووکیان لە ڕووی نوسخەیەکی دیکە نووسراونەتەوە؟ مامۆستا بەو شێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە: «من وای بۆ دەچم هەر ئەو کاتە یان بۆ ماوەیەکی کورت دوای نووسینی بەشی دووهەمی نوسخەی «ئەلف» خوالێخۆشبوو سەید ڕەشید هەندێک شیعری دیکەی شاعیرانی ئەو ناوچەیە، یان شاعیرانی تری ئەویندارانی شێخ شەمسەددینی وەدەست کەوتبێت و داوا لە خۆشنووسێکی دیکە بەناوی سوڵتان بکات، ئەو بەشەی کەشکۆڵی یەکەمی بۆ کامڵتر و پوختەتر بۆ بنووسێتەوە».

**کتێبی «ج»:** دیوانی حەریق کۆکراوەی کوردی مەریوانییە کە لە چاپخانەی مەریوانی لە بەغدا ساڵی ١٩٣٦ ز. چاپ بووە. جێی ئاماژەیە ئەو کتێبە کۆنترین چاپی دیوانی حەریقە و بەهۆی ئەوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ دوای کۆچی دوایی حەریق چاپ کراوە، کتێبێکی پوختە، بەڵام ڕەنگە بەهۆی دووری و دەستپێڕانەگەیشتنی نووسەر بە نوسخە و سەرچاوەیەکی جێیمتمانە و نزیک لە حەریق هەڵەی تێکەوتبێت. زۆرجار ڕێنووسی وشەکان هەڵەن، یان لە شیعرەکاندا وشەیەک و دووان داکەوتوون.

**کتێبی «د»:** کتێبەکەی مەحموود خاکییە کە ساڵی ١٩٣٨ ز. لە چاپخانەی الجمهورییەی کەرکووک چاپ دەبێت و هەر وەک مامۆستا سپێهرەددین لە کتێبی مەنزوومەی شەمسیدا ئاماژەی پێکردووە، ئەویش لە ڕووی نوسخەی کوردی مەریوانی نووسراوەتەوە و هەڵەی زێدەتری وەسەر کەوتووە و ئەو جیاوازییەی لەچاو کتێبەکەی کوردی مەریوانی هەیە کە کەمێک ڕێنووسەکەی گۆڕاوە، پاشان واتای هەندێک لە وشەکان نووسراون کە لە زۆر دێڕدا ئەو واتایانە دروست نین.

**کتێبی «هـ»:** کتێبەکەی نەجمەددین ئەنیسییە و لە وەشانگەی محەممەدی سەقز لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٦٩ ی کۆچیی هەتاویدا چاپ بووە. لەو کتێبەدا سەرەتا ئەو غەزەلانەی لەڕووی واتاوە ڕوون بوون، لێکدانەوەیان بۆ کراوە و ئەو غەزەل و دێڕانەی نارێکی بێژەیی و واتاییان بەرچاو بووە، شرۆڤە نەکراون. جێی ئاماژەیە لەو دیوانەدا ئەو وتارانەی پەیوەندییان بە ژیانی حەریق و شێخی بورهانەوە بووە، کۆ کراوەنەتەوە و لەو دیوانەدا چاپکراون. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو دیوانە ئەوەیە کە وێڕای گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێکی حەریق لە بەشی کۆتاییدا فەرهەنگۆکێک بۆ شیعرەکانی حەریق تەرخان کراوە. ئەو چاپەی دیوانی حەریق بە ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆییە؛ بەڵام لەبەر نەبوونی کەرەسەی پێشکەوتوو، نیشانە و مەودای نێوان وشەکان نەپارێزراون و لە کاتی خوێندنەوەدا زۆرجار خوێنەر تووشی هەڵە دەبێت. جێی ئاماژەیە لەو کتێبەدا نووسەر ڕاوێژی هەموو شیعرەکانی حەریقی گۆڕیوە و ڕێنووسی زۆرێک لە وشە ڕەسەنەکانیشی تێکداوە و ڕێکوپێکی و دانانی شیعرەکان جیاواز لە چاپەکانی پێشوون، بەتایبەت غەزەلەکان ناویان بۆ داندراوە.

**کەشکۆڵی «و»:** ئەو کەشکۆڵە لە کتێبخانەی پەرلەمانی نەتەوەیی ئێراندا بەناوی جُنگ اشعار کُردی و فارسی بە ژمارەی ٨٦٣٩٩ تۆمار کراوە. نووسەر لە لاپەڕەی ١٢ دا دەنووسێت: «تمت شد کلام همی جهت امیر مختار عثمان پاشازاده؛ احمد مختاربگ». پاشان لە کۆتایی چەند شیعرێکدا دەنووسێت: «تمام شد آه، آه، صد آه، یان تمت شد آخ خدا رحمی، یان تمت لاجل امیر پرکمال، احمد مختاربیگ، یان تمام شد لامیر الاعظم احمد مختاربیگ». لە لاپەڕەی ١٠٦ دا نەخشی مۆرێکی پێوەیە بەناوی ئەحمەد موختار ١٣٣١. لە لاپەڕەی ١١٥ دا نووسراوە: «کتبه لاجل الامیر الاکرم احمد مختار بیگ دام اقباله». لە لاپەڕەی ١١٨ دا نووسراوە: «تمت شد جهت نونهال حدیقه اقبال و عزت و مجدت میرسعادت احمد مختاربیگ دام اجلاله و اقباله و علی التحصیل الکمال أعانه وصانه آمین بِمنّه». لەوە دەچێت ئەمین، ناوی نووسەرەکە بێت؛ بەڵام ئاماژە بۆ ساڵ و مانگی نووسینەکەی نەکراوە. ئەو کەشکۆڵە ١٢١ لاپەڕەیە و پڕە لە شیعری کوردی و فارسی و بە خەتتی نەستەعلیق و تاڕادەیەک جوان نووسراوە. لە لاپەڕەی ٦٦ تا ٦٩ چەند شیعرێکی حەریقی تێدا بوو، بەتایبەت پێنجخشتەکییەکی زێوەر لەسەر شیعرێکی حەریق کە لەم دیوانەدا کەڵکی لێوەرگیراوە.

### شێوازی پێداچوونەوە و ساخکردنەوە

ساخکردنەوەی ئەو دیوانە لەسەر شێوازی نوسخەی بنەما و نوسخەی بەدەڵ بووە. نوسخەی بنەما بۆ ساخکردنەوەی ئەو دیوانە نوسخەی «ئەلف» ـە، واتە ئەو نوسخەیە وەک نوسخەی سەرەکی بۆ ئەو ساخکردنەوەیە ناسراوە. نوسخەی «ب» ش ئەو بەشەی وا بە خەتتی سوڵتانە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ نوسخەی «ئەلف» نەبووە و وەک نوسخەی «بەدەڵ» ناسراوە و بۆ ساخکردنەوەی زۆرێک لە شیعرەکان سوودی لێوەرگیراوە. لەبەر ڕێنووسی کۆنی نوسخەکان زۆر دێڕ، یان غەزەل هەن کە بە چەند شێوەی جیاواز دەخوێندرێنەوە، لێرەدا ئەگەر هیچکام لە نوسخەکان نیشانەی دروستیان بۆ وشەکان دانەنابێت، لەم بەشەدا چاپەکانی پێشووی دیوانی حەریق کراونەتە پاڵپشت و لە پەراوێزدا ئاماژە بە ئەو شێوە جۆراوجۆرانەو جیاوازیی نێوان نوسخە و دیوانەکان کراوە.

بەپێی نوسخەی بنەما و بەراوردی نوسخە و دیوانەکانی پێشووی حەریق ئەگەر وشەیەک لەناو نوسخە و کتێبەکاندا جیاوازییان لەگەڵ یەک بووە، لە پەراوێزدا ئاماژە بە هەرکام لە جیاوازییەکان کراوە. شێوازی پیتچنی شیعرەکان بە وردی ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا تووشی سەرلێشێواوی نەبێت. بەپێی پێداچوونەوەی نوێ زۆربەی هەڵە و ناڕێکیی شیعرەکانی حەریق لەو دێڕانەدا بوون کە لە نوسخەی «ئەلف»، یان «ب» دا نەنووسرا بوون، لەم بەشەدا بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی ساخکردنەوەی «قیاسی» و پشتبەستن بە شێوازی ساخکردنەوەی هەڵبژاردن و سوودوەرگرتن لە پێوەرەکانی ڕەوانبێژی، زمانی و هەزری وشەی دروست هەڵبژێردراوە و لە دێڕەکاندا نووسراون. هەندێک شیعر هەن لە نوسخەی «ئەلف» دا و لە بەشی یەکەمی نوسخەی «ب» دا نین؛ بەڵام بە خەتتێکی جیاواز لە خەتتی سوڵتان لە بەشی دووهەمی نوسخەی «ب» دا نووسراون، ئەو شیعرانەش بە بنەما وەرگیراون و لەگەڵ کتێبەکان بەراورد کراون و جیاوازییەکانیان لە پەراوێزدا خراونەتەڕوو. لەم دیوانەدا بە پشتبەستن بە نوسخە خەتتییەکان و سوودوەرگرتن لە پێوەری زمانی و ڕەوانبێژی لێکدانەوەی دێڕە ساخکراوەکان بە شێوەی ڕووکەشی کراوە، هەرچەند زانستیی ساخکردنەوە جیاواز لە لێکدانەوەیە و لە ساخکردنەوەدا هەر جۆرە لێکدانەوەیەک هەڵەیە، بەڵام لەم دیوانەدا بۆ سەلماندنی

دروستی وشه و لێکدراوه ساخکراوەکان به شێوازێکی ڕووکەشی واتای دێڕەکان شیکراوەتەوە. لەو دیوانەدا پارچه شیعرەکان بەپێی دوایین پیتی سەروای دێڕەکان پۆلێنکراون.

**بەشێک له هەڵه و ناتەواوی دێوانەکانی پێشووی حەریق**

١. له دیوانەکانی پێشوودا، شێوازی پیتچنی و مەودا و نیومەودای نێوان وشەکان تاڕادەیەک ئاڵۆز و شێواوه که خوێندنەوەی شیعرەکانی ئاستەم کردووه و گەر خوێنەر وردبین نەبێت، ڕەنگه تووشی هەڵه و تێگەیشتنی ناتەواو بێت.

٢. گۆڕانکارییەکی تر له دیوانه بڵاوکراوەکانی پێش ئەو دیوانەی بەردەست ئەو بابەتەیه که پێشگری «ئـ» بەجێی پێشگری «دە» بۆ «کاره» کانی شیعری حەریق بەکارهاتووه. پێویسته ئاماژه بکرێت بەپێی خوێندنەوەی نوسخه خەتتییەکان و دەرکەوتنی تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعری قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاست کەمتر وا هەیه حەریق پێشگری «ئـ» ی بۆ ئەو کارانه هێنابێت که به پێشگری «دە» بێژه دەکرێن. پێشتر دیوانی حەریق، کۆکراوەی کوردی مەریوانی و کەریم خاکی ئەو شێوازەیان بەکارهێناوه؛ بەڵام له دیوانی حەریق، کۆکراوەی نەجمەددین ئەنیسی ئەو ڕەوته زۆرتر بەلای شێوەزاری مەهابادی شکاوەتەوە. لەم دیوانەی بەردەست ئەو گۆڕانکارییه بەتەواوی ساخکراوەتەوە.

٣. گۆڕانکارییەکی تری شیعری حەریق له دیوانەکانی پێشوودا ئەوەیه که بێژەی زۆربەی وشه عەرەبی و فارسییەکانی شیعری حەریقی لەلایەن ساخکەرەوانەوه گۆڕاوه و به بێژەی کوردی نووسراونەتەوە؛ بۆ نموونه له دیوانی حەریق، کۆکراوەی نەوزاد کەڵهوڕدا وشەی «تیشنه» کراوەته: تینوو؛ «چەمەن» کراوەته: چیمەن، یان «گوڵی بەنەفشه» کراوەته: گوڵی بنەوشه و هتد.

٤. زۆربەی نوسخه کۆنەکان، به ڕێنووسی کۆن و به خەتتی نەستەعلیق نووسراون و ڕەنگه هەڵەی خوێندنەوەیی، بەتایبەت لەبەشی لێکدراوەکانی خەتتی نەستەعلیقدا هۆی سەرهەڵدانی هەڵەی ڕێنووسی بووه که له زۆر دێڕدا لێکدانەوەی ناتەواوی لێکەوتۆتەوە.

٥. هەڵەی ڕێنووسی، ناڕێکی کێشی و یەکدەست نەبوونی ڕێنووسی شیعرەکان.

بەراوردکردنی ئەو دیوانه لەگەڵ دیوانەکانی پێشووی حەریق ئەو دەرفەته به خوێنەر دەبەخشێت بەشداری ساخکردنەوەکه و هەڵوێستەکانی دەربڕاو لەسەر شیعرەکانی حەریق بێت و وەک ڕەخنەگرێک بڕیار لەسەر دروستیی وشه و دەستەوشەکانی شیعری بدات.

له کۆتاییدا جێی خۆیەتی ڕێز بگرین له هزری ئەدەبدۆستیی ئەو لێکۆڵەرانەی ناویان وەک ساخکەرەوە و کۆکەرەوەی شیعری حەریق لەم دیوانەدا هاتووه و بەوپەڕی دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە دیوانی حەریقیان چاپ و بڵاو کردۆتەوە و نەیانهێشتووه تۆزی لەبیرچوونەوەی لەسەر بنیشێت.